# هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ بەپێی ژاک دێریدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی –ڕەخنەیی

**ئازاد حەمە عبدالله**

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

درۆ، کە بەرهەمی ئەقڵە، دیاردەیەکی مرۆیی کۆنە و یەکێکیشە لە بەدییەکانی مرۆڤ. کردەی درۆ کردەی وتنە، ئەم وتنە لە مێژوی فەلسەفەدا چەمکێکی تەمومژاوییە و پرسیاری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. پرسیارە فەلسەفییەکانی تایبەت بە درۆ چەمکی تریش لەخۆدەگرن (بۆ نمونە: هەڵە، نا–درۆ، ڕاستی، نا–ڕاستی، ڕاستگۆیی، فریودان، بەلاڕێبردن لە وتن، خەڵەتاندن و.....). بەپێی ئەوەی وتنی ڕاستیی لە کۆمەڵگەی نوێدا لەبەردەم هەڕەشەدایە و زۆربونی درۆکردنیش کاریگەری لەسەر ڕاستی بەجێهێشتوە ئەمە وایکردوە خودی ڕاستی جێگای گومانبێت. بۆیە گێڕانەوەی مێژوی درۆ بێلایەن نابێت گەر گشت دژە چەمکەکانی درۆ لەو گێڕانەوەیەدا ڕۆشناییان نەخرێتەسەر. لەم توێژینەوەیەدا ڕۆشنایی خستنەسەرەکە بریتی دەبێت لە هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ، ئەو مێژوەی لە خودی خۆیدا پڕە لە درۆ. ئەمەش وادەکات نوسینەوەی مێژوی درۆ ئەستەم بێت.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین کاتێک ژاک دێریدا Jacques Derrida (١٩٣٠- ٢٠٠٤) لە کتێبی""مێژوی درۆ""دا ژێنیالۆژیایەک (بنەچەناسی Généalogie) تایبەت بە مێژوی درۆ دادەمەزرێنێت هەڵوەشاندنەوەی چەمکی درۆ و سەرلەنوێ نوسینەوەی مێژوەکەی دەبێت بە بناغە بۆ تێگەیشتن لە درۆ و هەڵە، لە درۆ و پاساودان، لە درۆ و نیازپیسی، لە ڕاستی و نیازپاکی، لە درۆ و نیەت، لە درۆ و مەبەستگەریی، لە درۆ و بەرژەوەندی. کەوابێت مامەڵە دەکەین لەگەڵ کتێبی ""مێژوی درۆ"" وەک کتێبی هەڵوەشاندنەوەی نوسین لەسەر واتای درۆ. بەم شێوەیە ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە شێوازی هەڵوەشاندنەوەگەریی دێریدا لە شیکاریکردنی مێژوی درۆ. ئەم شێوازەش لە توێژینەوەکە ئەو دەمە بە چاکی بەدیدەکرێت، کە کار لەسەر چەمکی درۆ و چەمکە هاوشێوەکانی دەکەین و دواتر لەسەرەخۆ بۆ ناو مێژوی درۆ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو مێژوە شۆردەبینەوە. لەبەرئەوەی فاکتەری جیاجیا لەناو ئەو مێژوە کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی درۆ داناوە ئەمە وادەکات مێژوی درۆ بەپێی کولتور و شارستانییەکان گۆڕانی بێتەسەر و هەر کولتور و شارستانییەک مێژوی درۆی تایبەت بە خۆی هەبێت. لەو بارەیەوە هێما بۆ دو ئامانجی گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەکەین. بەپێی توێژینەوەکە،

دروستکردنی درۆی نوێ لەڕێگای گێڕانەوەی نوێوە تێڕامانی تر لەسەر پەیوەندی نێوان سیاسەت و ڕاستی دروستدەکەن. بۆیە دەبینین گریمانەکان لەسەر حسێبی ڕاستییەکان زیادیانکردووە و ئەمەش وادەکات نوسینەوەی خودی مێژو لەبەردەم هەڕەشەدا بێت و درۆ دامەزرێنەری مێژو بێت. ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە، ئەوەیە، کە درۆ لەناو ئەزمونەکانی تردا دەژیت ئەمە وادەکات درۆ مێژویەکی تایبەت بەخۆی، یان خاوێنی، نەبێت. توێژینەوەکە، ئەوەشمان پێدەڵێت، کە ناشێت درۆ تەنیا بە کردەی درۆوە، وەک کردیەکی تاکی، گرێبدرێتەوە، بەڵکو درۆ سنوری خود تێدەپەڕێنێت و دەبێتە درۆ لەگەڵ ئەویتردا.

**کلیله وشەکان**: هەڵوەشاندنەوە، درۆ، مێژوی درۆ، ژاک دێریدا، ڕاستی، ڕاستگۆیی.

## Article Info:

**DOI:** **10.26750/Vol(10).No(3).Paper37**
**Received:** 04-Nov-2022
**Accepted:** 03-Jan-2023
**Published:** 29-Sep-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
azad.hama@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوە شیکارییە لەسەر بناغەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کار لەسەر واتای درۆ دەکات. هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ لە ڕوانگەی ژاک دێریداوە یەکلاکردنەوەی مێژوی درۆیە وەک واتا لە خودی ئەو مێژوەی درۆ هەیەتی. هەر لەبەرئەوە لە دوتۆیی توێژینەوەکەدا پرسیارە فەلسەفییەکان تایبەت بە واتای درۆ سروشتێکی هەڵوەشاندنەوەگەرا وەردەگرن. هاوکات توێژینەوەکە بەگشتی نیازمەندە گفتوگۆی ئەو فەیلەسوفە ڕۆژئاواییانەش بکات سەبارەت بە درۆ بۆچونیان هەبوە. ئەمەش بۆ ئەوەی واتای درۆ لە مێژوی هزری ڕۆژئاوا دەستنیشانبکرێت و خودی واتای درۆش لە واتاگەلێکی تر (فێڵ، خەڵەتاندن، بێدەنگی) جیابکرێتەوە.

بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەوە جێگای گفتوگۆیە، کە درۆ مێژویەکی تایبەت بە خۆی هەیە؟ باشە ئەو مێژوەی درۆ دەگێڕێتەوە بەخۆی بەشێک نییە لە درۆ؟ بەپێی ئەوەی گێڕانەوەی مێژو بۆ پرسی درۆ خۆی درۆیە بۆیە لێرەوە ئێمە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو مێژوە دەدەین، کە ژاک دێریدا بۆمانی دەخاتەڕو. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەین، تاکە پرسیار بۆ بناغەدانان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ پرسیاری درۆ چییەیە؟ یان پێویستمان بە پرسیاری ترە، لەوانە: کردەی درۆ چییە؟ ئەم کردەیە بە چی هەڵدەستێت؟ بۆیشە بەم جۆرە دەپرسین، چونکە درۆ. کە دەبێتە کردە کاری خراپ ئەنجامدەدات، ئەوەش، کە ئەم درۆیە ئەنجامدەدات دەزانێت چی دەکات.

بەهەمان شێوە لە توێژینەوەکەدا ئەوە نیشاندەدەین، کە درۆ دژە جەمسەری ڕاستی نییە، بەڵکو دژە جەمسەری ڕاستگۆییە. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، کە مرۆڤ دەکرێت ڕاستی نەڵێت بەس ئەمە مانای ئەوە نییە درۆی کردوە. لێرەوە ئاڕاستەی توێژینەوەکە بەرەو ئەوە دەبەین، کە هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ بە جیاکردنەوەی درۆیە لە ڕاستگۆیی نەک لە هەڵە. درۆ لەگەڵ ڕاستی نەک هەڵە دوانەییەک پێکدێنن. هەر لە توێژینەوەکەدا ئەو نارونیانەش(هەڵە، ئیدیۆلۆژیا و ...) گفتوگۆدەکەین واتای درۆ پێوەیگلاوە و شیاویی نوسینەوەی مێژوی درۆش لایەنێکی گرنگی ئەم گفتوگۆیە پێکدێنن.

کێشەی توێژینەوەکە: بریتییە لە خستنەڕوی مێژوی درۆ بەپێی ژاک دێریدا و هەڵوەشاندنەوەی ئەم مێژوە. بۆیە توێژینەوەکە لەسەر بناغەی دیدی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەڵوەشاندنەوەگەریی هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەدات: شیاویی لەئارادایە بۆ نوسینەوەی مێژوی درۆ؟ درۆ لە چییدا خۆی پەنهان دەدات؟ لە وتنێکی درۆ؟ باشە وتنی درۆ ئەو وتنە نییە، کە ڕاست نییە؟ بەمە شۆڕبونەوە بۆ ناو چییەتیی درۆ و شوێنی کارکردنی درۆ بەشێکن لەم هەڵوەشاندنەوەیەی ئێمە.

گریمانەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ بەرپرسیارییەکی ڕەوشتییە و مێژوش وەک دروستکەری درۆ سەرنجی گەورەی دەخرێتەسەر.

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆشنایی خستنەسەر چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی دیاردەی درۆ لە مێژوی مرۆڤدا. لە توێژینەوەکەدا لەلایەک مێژوی درۆ هەڵدەوەشێنینەوە، لەلایەکیتر واتای درۆ سەرلەبەر گفتوگۆدەکەین. ئەمەش بۆ ئەوەی مێژو و واتای درۆ وەک دو باسی جیا بهێنینە گۆڕێ. بۆئەوەی ئەمەش بکەین گەشتێک بەناو میراتی فەلسەفەی ئەوروپاییدا دەکەین.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای ڕەچەڵەکی درۆ و جەختکردنیشە لە واتای درۆ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو مێژوەی لەپشت ئەم واتایەوەیە. توێژینەوەکە پێیوایە گەڕان بەدوای هۆکاری درۆ زۆرە. هەیە دەزانێت درۆ دەکات. هەشە دەکەوێتە ناو درۆوە. بەم جۆرە هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتن لە بونی درۆ و شێوەوەگرتنی درۆ بەشێکە لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە.

مێتۆدی توێژینەوەکە: لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی شیکاریی بەکاربراوە تا هەڵوەشاندنەوەی دیاردەی درۆ لەڕێگای مێژوەکەیەوە بەو شوێنەبمان بگەیێنێت، کە درۆ یەک ڕوی نییە.

پەیکەربەندی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا لەڕێگای شەش باسەوە قسە لە چییەتی درۆ لە هەڵوەشاندنەوەگەریی دێریدادا دەکەین. لە بەشی دوەمدا بەهۆی شەش باسەوە درۆ لە دیدی فەیلەسوفانی پێش دێریداوە ڕاڤەدەکەین و بۆ ئەو مەبەستەش گەڕانی فەلسەفە بەدوای ڕاستگۆییدا بەرباسدەخەین. لە بەشی سێهەمدا لەمیانەی دو باسەوە ، کە تایبەتە بە دو بیریاری سیاسییەوە (ئارێنت و کویرێ) سیاسەت وەک بوارە بەپیتەکەی درۆ ڕاڤەدەکەین. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: چییەتی درۆ لە هەڵوەشاندنەوەگەریی دێریدادا

### باسی یەکەم: چییەتی درۆ

چییەتی درۆ چییەتی گەڕانە بەدوای بنەچەی درۆ و جەختکردنیشە لە واتای درۆ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو مێژوەی لەپشت ئەم واتایەوەیە. چییەتی درۆ دەبێت بە بناغە بۆ تێگەیشتن لە درۆ و هەڵە، لە درۆ و پاساودان، لە درۆ و نیازپیسی، لە ڕاستی و نیازپاکی، لە درۆ و نیەت، لە درۆ و مەبەستگەریی، لە درۆ و بەرژەوەندی. کەوابێت چییەتی درۆ مامەڵەکردنە لەگەڵ مرۆڤ و ئاکارەکانی. بۆ چونە ناو ئەم چییەتییەوە کارلەسەر کتێبی ""مێژوی درۆ"" وەک کتێبی هەڵوەشاندنەوەی نوسین لەسەر واتای درۆ دەکەین. بەم شێوەیە ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە شێوازی

هەڵوەشاندنەوەگەرایی دێریدا لە شیکاریکردنی مێژوی درۆ. ئەم شێوازەش لە توێژینەوەکە ئەو دەمە بە چاکی بەدیدەکرێت، کە کار لەسەر چەمکی درۆ و چەمکە هاوشێوەکانی دەکات. لەبەرئەوەی فاکتەری جیاجیا لەناو ئەو مێژوە کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی درۆ داناوە ئەمە وادەکات مێژوی درۆ بەپێی شارستانییەکان گۆڕانی بێتەسەر(Derrida, 2005) .

چییەتی درۆ داوای هەڵوەشاندنەوەی واتای درۆمان لێدەکات. واتە ئەوەی، کە درۆ خەیاڵ و خورافیات نییە، هەڵە و خەڵەتاندن پێکەوە کۆناکاتەوە، هاوکات درۆ دژە جەمسەری هەڵە نییە، بەڵکو دژەجەمسەری ڕاستگۆییە و درۆ بێمەبەستیش نییە هەروەک ئەفلاتون بۆی چوە، بەڵام دەکرێت قسەمان هەبێت لەسەر درۆ بە مەبەستەوە و درۆ بەبێ مەبەست (درۆ بە ئاگایەوە و درۆ بەبێ ئاگاییەوە). گەر ڕاستیش وتنی ئەو شتە بێت پێویستە بوترێت ئەوا درۆ وتنی شتێکی ترە، وتنەکەش بەمەبەستەوە بێت درۆیە. چونکە درۆ لێدانی ڕاستییەکە پێویستە بوترێت. ڕونتر بدوێین: بۆئەوەی لە درۆ بگەین پێویستمان بە تێگەیشتنە لە دوانەی ڕاستگۆیی/درۆ، کە ڕیشەی لە وتاری مێتافیزیکی ڕۆژئاوا داکوتیوە. بۆیە وتنی درۆ بەناوی ڕاستییەوە ڕاستی بێ بەها دەکات. ئەو ڕاستییەش، کە ناوترێت و دەشاردرێتەوە نابێت بە درۆ. شاردنەوەی زانیاری بەمانای وتنی درۆ نایەت، کاتێک شاردنەوەی زانیاری بەمانای وتنی درۆ دێت، کە شتێکی تر بوترێت.

## باسی دوەم: هەڵوەشاندنەوەگەرایی دێریدا

هەڵوەشاندنەوەگەرایی، کە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردودا لە فەرەنسا و ئەمریکا سەریهەڵدا، بە شەپۆلێکی ڕەخنەیی دوای ئایاری ٦٨ ی شۆڕشی قوتابیان لە قەڵەم دەدرێت. ئەمە ئاقارێکی تیۆری یان ڕێگایەکی دێریدایانەیە بۆ ڕەخنەگرتن، بیرکردنەوەشە لە ڕەخنەکردنی کارە ئەدەبی، هونەری و فەلسەفییەکان تادەگاتە کارە تەلارسازی و سیاسییەکان. ئەم ڕێگایە دەروازەی ناساندنی دێریداشە بە فەلسەفەی ئەوروپایی. لەم ڕێگایەوە دێریدا فەلسەفەی ئەوروپایی سەرلەبەر هەڵدەوەشێنێتەوە و کارێکی واشدەکات فەلسەفەی ئەوروپایی بە ڕەچەڵەکی خۆی ئاشنابکات و لەژێر هەژمونی فەلسەفەی مێتافیزیکی ئەفلاتونی دەربازیبکات.

بۆ دێریدا هەڵوەشاندنەوەگەرایی نە شیکارییە، نە ڕەخنە، ئەڵبەتە مێتۆدیش نییە. ئەگەرچی لە شێوازەکەیدا لە زۆر ڕوەوە گشت ئەمانەشی تیایە (Wood,1988,3). وەکیتر هەڵوەشاندنەوەگەریی ئامرازە (Magnusson Nilsson,2020,13)، لێ بۆ دێریداناسێکی وەک کاپوتۆ جگە لە شیکاری ڕەخنەگرانە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەڵوەشاندنەوەی ئەوەیە، کە هەڵنەوەشێندراوەتەوە، یان ئەوەی شایانی هەڵوەشاندنەوەی نییە (Caputo,2007,5).

لەکاتێکدا تێگەیشتنە هەڵوەشاندنەوەگەراکانی دێریدا لە فەرەنسا خۆیانمایشکرد، کە بزوتنەوەی بنەماخوازی فەرەنسی لە لوتکەدابو. ئەم بزوتنەوەیە سالانێکی زۆر کاری لەسەر چەمکی بنەماکرد و زۆربەی بواری زانستە مرۆییە کۆمەڵایەییەکانی تەنییەوە و خۆشی کرد بە ڕێبازێکی دیاری ناو شیکاری دەق و هەڵکۆڵین لە ڕیشەی وتراو.

ئەمە وایکرد زۆرێک فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دێریدا وەک ئاڕاستەیەکی ڕەخنەی فەلسەفیی پاش بنەماخوازی تەماشابکەن. ئەمە وادەکات هەڵوەشاندنەوەگەرایی پێمانبڵێت، بەپێچەوانەی بنەماخوازی، خوێنەر ناکارێت ڕاستیەکی بێگومان لە تێکستێکدا بدۆزێتەوە. تێکست هەروەک مرۆڤ فرەلایەنە، چونکە گەڕان لە تێکستدا بۆ دۆزینەوەی ڕاستی نییە، بۆ دۆزینەوەی فرەگەرییە لە تێکستدا (Fewell,2007,116). هەڵوەشاندنەوەگەرایی فێری ئەوەشمان دەکات، کە دوا ڕاستی لەسەر مانای تێکست بونی نییە. بۆیە وتنی ڕاستی لەسەر مانای تێکستێک بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەستەمە. چۆن هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەمە دەگات؟ ئەڵبەتە لەمیانەی هەڵوەشاندنەوە و دوبارە بونیادنەوەی تێکستەکە. بەمجۆرە هەڵوەشاندنەوەگەرایی کردیەکی فەلسەفییە. ئەم کردە فەلسەفییە ناتوانێت لە تێکستێکدا بە دوای یەک مانای واتایەکدا بگەڕێت. بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی قسەکردن لە واتای جەنگ داوامان لێدەکات تێگەیشتنمان لەسەر واتای ئاشتیش هەبێت. واتە هەڵوەشاندنەوەگەرایی گەڕانە بەدوای دژەکاندا. بەپێی هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەڵوەشاندنەوەی دژەکان تاکە ڕێگان بۆ دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر بنەچەی واتاکان. ئەمە ئەوەشمان پێدەڵێت، کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەوەیە گریمانەکان بخرێنەڕو و جوڵەش بخرێتە پێکهاتەی تێکستەکانەوە. لێرەدا مەبەست لە جوڵە دروستکردنی ناجێگیرییە لە بونیادی تێکستدا(Norris,1991,19)٠. بەمجۆرە هەڵوەشاندنەوەگەرایی ڕێگایەکە لە بیرکردنەوە بۆ ناجێگیرییکردنی جیهانی وێناکردەکانمان(Wolfreys,1998, 54).

تیۆرەکانی دێریدا لەبارەی نیشانە و کردەی زمان لە تێکستدا بۆ جوداکردنەوەی بینراوە لە نەبینراو و ئاشکراکردنی پەیامی شاراوەی تێکست. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەرخستنی بنەمای ناهاوتای تێکست یەکێکە لە میکانیزمەکانی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەگەریی دێریدا. ئەم میکانیزمە هەوڵی نیشتەجێبونیش دەدات لەناو ڕیشاڵی ناکۆکی و ناتەبایی تێکستدا. دواجار هەر ئەو ڕیشاڵە ناتەبا و ناکۆکانە جارێکی تر بۆ خوێندنەوە، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێکستە بەکاردەبرێت کاری لەسەر دەکرێت. سەرباری ئەوە، فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دێریدا کار لەسەر ناسادەیی تێکست و ئەو مانایە دەکات زمان لە تێکستدا بەرهەمیدەهێنێت. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، کە ئەم فەلسەفەیە دان بە یەکیەتی تێکست ناهێنێت و بەدوای مانای شاراوە لە تێکستدا دەگەڕێت.

ئەو واتایانەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دێریدا ڕۆشنایی خستەسەر (جیاوازی، نوسین، دیاردە و......) لە نێوەندی فەلسەفیی ڕۆژئاوا تێگەیشتن لەبارەیانەوە گۆڕا و دوانەییە دژەگەراکانیش (ئاخاوتن/ نوسین، ئەرێنی/ نەرێنی و...) کەوتنەبەردەم شیکاری و بەرهەمهێنانی مانای نوێوە. ئەمە بۆ زۆرێک لە توێژەران لە بواری فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دێریدا بەوە لێکدانەوەی بۆکرا، کە ئەم فەلسەفەیە توانای داهێنانی واتای نوێی هەیە.

گرنگە لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکرێت، کە لەگەڵ دەستپێکی وەگەڕکەوتنی هەڵوەشانەوەگەرایی لە بەرهەمەکانی دێریدا ئاڵۆزییەک ڕو لە بەکاربردنی ئەو واتا و چەمکە فەلسەفییانە دەنێت دێریدا کاریان لەسەر دەکات (مەرگ،

بەرپرسیاریەتی،نوسین، جیاوازی و....). ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی دێریدا تێکڕای دوانەییەکان (عەقڵ/شێتی، نیشانە/مانا، سروشت/ڕۆشنبیری،...) بە بەشێک لە وتاری مێتافیزیک دەزانێت و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەشیان دەدات. دێریدا هیچکات ئاماژەی بە چییەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی نەداوە، لێ وەک جۆرێک لە شیکاریی بۆ دەربازکردنی تێکست بە ئامانجی دۆزینەوەی شاراوەکانی دوتۆیی ئەو تێکستە خستویەتەگەڕ. ئەمەش دەرگای لە فرەمانایی تێکست و پێدانی ژیان و مانای نوێ بە تێکست بەخشیوە. نەک هەر ئەوە، بگرە هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەو تێگەیشتنەی سەبارەت بە تێکستی فەلسەفی، یان سیاسی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە مانای وشەیەک یان تێکستێک وابەستەی کۆنتێکستەکەیە نەک دەرەوەی خۆی. هەروەها هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەوڵدەدات ئەوەش نیشان بدات، کە چۆن هەمو تێکستەکان دژایەتییان تێدایە، کە ڕەنگە لە یەکەم نیگادا نەدۆزرێنەوە.

## باسی سێیەم: دامەزراندنی مێژویەک تایبەت بە درۆ

درۆ لە گشت ڕوییەکەوە شۆڕبوەتەوە ناو ژیانی مرۆڤەکان و ڕۆژانە خۆی لێرە و لەوێ زاڵدەکات و جێگاش بە ڕاستی لێژدەکات. درۆ وەک گشت دیاردەکانی تر خاوەنی مێژویەک تایبەت بەخۆیەتی. ئەم دیاردەیە پێویستی بە نوسینەوەیە. مێژوی درۆ ئەو نوسینەوەیەیە، کە ژاک دێریدا لە کارێکیدا بەناوی (مێژوی درۆ) دەستیداوەتێ. ئەم مێژوە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەیە تا ئەو فاکتەرە مێژویی و کولتورییانە ئاشکرابکرێن لە شارستانییە جیاجیاکاندا لە پشت دیاردەی درۆوە بونە.

کەوابێت بۆ دامەزراندنی مێژویەک تایبەت بە درۆ دەپرسین: ئایا درۆ  مێژوی هەیە؟ گەر هەیبێت کێ ئەم مێژوە دەگێڕێتەوە؟ پێویستە ئەوە بڵێین، کە ئەم دو پرسیارە بناغەیترین پرسیاری دێریدان لە کارە فەلسەفییەکەیدا تایبەت بە مێژوی درۆ. ئەو مێژوەی بە مێژوی درۆ لەقەڵەمدەدرێت کاری نوسینەوەی ئاسان نییە، ڕەنگە دێریدا ئەمە بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئێمە دەتوانین وێنای هەزاران مێژوی جیاواز لە بارەی درۆوە بکەین، هەزاران وتار، کە پڕن لە شیاویەکانی داهێنان، دەشێت هەر هەمویشیان دەربارەی ڕواڵەتە فریودەر، خورافە، ئەفسانە و توانای خولقاندنی فۆڕمی نوێی دەربڕین بن لەبارەی درۆوە، بەبێ ئەوەی مێژوەکان درۆزنانە بن؛ واتە ئەو شتەی دەتوانین پێی بڵێین مێژوی ناڕاستی(Derrida,2005, 18-19)، بەڵام ئەمانە هەر مێژوی پاکن و هیچ زیان و سەرئێشەیەکیشیان نییە، بەڵکو تەنیا ڕواڵەتە تەواو فریودەرەکانی بەلاڕێدا بردن و شایەتیدانی ساختە بەرجەستە دەکەنەوە. لەم حاڵەتەدا دێریدا دەپرسێت: داخۆ ناتوانین مێژوەکان دەربارەی درۆ بەو جۆرە بگێڕینەوە، ڕاستییەکان ئاشکرا نەکەن، بەڵام هیچ زیانێکیشیان نەبێت؟ مێژوی خورافی دەربارەی درۆ، کە ئەگەرچی هیچ ئازار و زیانێک بەوانیتر ناگەیەنێت، دەبێتە مایەی سەرسوڕمان و نیگای هەندێکیان و بگرە چێژیشیان پێدەگەیەنێت(Ibid. 20).

ئێمە لە توێژینەوەکەدا لە دیدی هەڵوەشانەوەگەراییەوە هێما بۆ ئەوە دەکەین، کە دامەزراندنی مێژویەک تایبەت بە درۆ دەچێتە خانەی نەشیاوییەوە. کەواتە چی مێژو و درۆ کۆدەکاتەوە؟ ئەوەی ئەم دوانە کۆدەکاتەوە چارەنوسی مرۆڤە. مرۆڤ مێژو دەنوسێتەوە، درۆش ئەو شتەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەویتری مرۆڤدا دەیکات. درۆ ناکەوێتە دەرەوەی مێژووەوە. مێژوش بە جۆرێک لە جۆرەکان درۆی تیا نیشتەجێیە. درۆ تاک جۆر نییە و جێگیریش نییە. ئەو گەشەیەی هاتوەتە سەر ژیانی مرۆڤ درۆشی گرتوەتەوە. بۆیە درۆ جۆراوجۆر بوە و لە جێگای خۆیدا نەماوەتەوە. مۆدێرنە لە زۆرێک ڕووەوە درۆی بەرەو پێشەوە بردوە، هیچ نەبێت لە بواری سیاسەتدا.

لە میانەی هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ بەپێی دێریدا بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە بۆ دێریدا باوەڕکردن بەوەی درۆ مێژوی هەیە ئاسان نییە، باشە کێ دەتوانێت مێژوی درۆ بگێڕیتەوە؟ کێ دەتوانێت پێداگری لەسەر ئەوە بکات، کە ئەو مێژوەی ئەو دەیگێڕێتەوە مێژوە ڕاستەکەیە؟ تەنانەت ئەگەر کەمێک سازش بکەین و گریمانەی ئەوە بکەین درۆ دەشێت مێژوی هەبێت، ئەوا هێشتا پرسی گێڕانەوەی ئەم مێژوە بە بێ درۆ و بە بێ هەڵبژاردنی بژاردە ئاسانەکان، هەر بە هەڵپەسێردراوی و یەکلانەکراوی دەمێنێتەوە(Ibid,15).

وێڕای ئەوە، کاتێک بۆ گەیشتن بە پێناسەیەک بۆ درۆ دەگەڕێنەوە لای دێریدا دەبینین دێریدا بۆئەوەی پێناسەیەکمان بۆ درۆ پێبدات کار بۆ خوێندنەوەی گشت ئەوە دەکات لە یۆنانەوە سەبارەت بە درۆ وتراوە. دێریدا لەو وتنانەوە دەخوازێت مێژویەک دروستبکات، کە تایبەت بێت بە درۆ. بەمجۆرە گەڕان بەدوای ڕەچەڵەکی درۆ داوای گەڕانەوەمان لێدەکات بۆ مێژوی فەلسەفەی ڕۆژئاوا.

گەر بمانەوێت نزیکترببینەوە لە دێریدا و ئەو مێژوە هەڵبوەشێنینەوە بۆ درۆ بەردەستمانی دەخات دەگەینە ئەو جێگایەی وەک دێریدا بیربکەینەوە و پێمانوابێت، کە خۆ ئەگەر بشێت مێژویەکی تایبەت بە درۆ بونی هەبێت، واتە تایبەت بە شایەتیدانی ساختە و سوێندی درۆ، ئەمەش بەو پێیەی، کە درۆ هیچ نییە جگە لە سوێندی درۆ(Ibid. 16) ، ئەمە لەگەڵ ئەو درۆیەش یەکدەگرێتەوە پێیدەڵێن بەڵێنی وتنی ڕاستی. ئەم بەڵێنە درۆیە، هەروەک دێریدا ناویدەنێت درۆی پێش درۆکردن لە نەوتنی ڕاستی(Derrida, 2002 ,172). ئەگەر بشێت ئەم مێژوە پەیوەست بێت بەو خراپەیەوە، کە لە فۆرمە ڕادیکاڵەکەی درۆ، یان سوێندی درۆ خۆی دەردەخات، ئەوا ناشێت ئەم مێژوە ببێتە پاشکۆی چەمکە باوەکانی مێژوی هەڵە و ڕاستی "لە دەرەوەی هەر قورساییەکی مورالی (ئاکاریی)". لەلایەکی دیکەیشەوە، خۆ ئەگەر درۆ وەک شتێک گریمانەی بکەین، کە هەڵبەستنێکی ئەنقەستی شتە خەیاڵکراوەکانە، جا هەمو خەیاڵات و خورافەتەکان درۆزنانە نین، ئەوا هەمان شت بەسەر ئەدەبیشدا پەیڕەودەکرێت (Derrida,2005,17) .

دێریدا لە کتێبەکەیدا دڵنیامان دەکاتەوە درۆ مێژویەکی سەربەخۆی نییە. بۆ دێریدا دواتر و لەمیانەی خوێندنەوەی تێگەیشتنی هانا ئارێنت Hannah Arendt (کە دواتر لە بەشێکی تایبەت دێینەوە سەری) بۆ درۆ بە هەمان شت دەگاتەوە.

باشە بۆ؟ لەبەرئەوەی مێژو پڕە لە درۆ. درۆ گەشەی کردوە و واشیکردوە مێژویەک تایبەت بە خۆی بهێنێتەکایەوە. درۆ جگەلەوەی دیاردەیەکی تاکییە دیاردەیەکی دەستەجەمعیشە. لێرەوە دەکرێت بپرسین درۆ کۆتای هەیە؟ یان هەروەک ئەوەی باس لە کۆتای مێژو دەکرێت بۆمان هەیە باس لە کۆتایی درۆ بکەین؟ بەدڵنیاییەوە درۆ پەیوەستە بە مانەوەی مرۆڤەوە، ئەم مرۆڤەش مێژوی پێویستە. درۆش دەکەوێتە ناو ئەو مێژوەوەی مرۆڤ هەیەتی. لە کۆتایی ئەو چەند دێڕەی لای سەرەوە بەوە دەگەین، کە قسەکردن لەسەر مێژوی درۆ کارێکی ئاسان نییە. ئەمەش بەزۆری لەبەر تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی درۆ (Ibid. 112-113). لێرەوە دەگەینە ئەو تەماشاکردنە فەلسەفییە بۆ تێگەیشتنی مێژوییانەی دێریدا بۆ درۆ، کە بۆ خودی دێریدامان دەگەڕێنێتەوە تا دەربارەی ئەو هۆکارە بپرسین چی وای لە دێریدا کردوە جەخت لە چەمکە کلاسیکییە باوەکەی درۆ بکاتەوە، دەکارین بپرسین بۆچی دێریدا بەهەمو هێزیەوە هەوڵی سەرنج خستنەسەر واتای هەردو وشەی "کلاسیکیی باو"دەکات لە کاتێکدا مەسەلەکە پەیوەندی بە چەمک و بایەخەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەو بایەخە سیاسییەی لە ئەمرۆدا درۆ وەری گرتوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە هەر لە کۆنەوە ئەم ناوە باوەیان لێناوە، واتە درۆ (Ibid. 21)، لێ هەنا ئارێنتی بیریاری ئەڵمانی پێش دێریدا جیاوازی کردوە لەنێوان درۆی نەریتی و درۆی هاوچەرخ و ئەمەی دوەمیشیان زۆرتر بە سیاسەتەوە گرێدرا دەکات ( La Caze,2017).

دێریدا دان بەوەدا دێنێت، کە هەرگیز لە توانای من و کەسیشدا نییە بون و پێویستی بونی مێژویەکی تایبەت بە درۆ، وەک درۆ، پاساو بدات، کەس ناتوانێت بە ئەرگومێنت، بە واتا ورد و دیاریکراوەکەی ئەم وشەیە و بە چەمکە بەرتەسکەکەی وشەی زانین و دەرئەنجامگیریی تیۆری و حوکمی دیاریکەرییانە، پاساو بۆ ئەمە بهێنێتەوە؛ ناشێت ئەم مێژوەش ببێتە بابەتێکی تیۆری، کە زانین بتوانێت بیپشکنێت. بێگومان ئەمە پێویستی بە زانین هەیە، پێویستی بەوپەڕی ڕادەی زانین هەیە، بەڵام لە بونیادەوە لەگەڵی جیاوازە. ئینجا، لە حاڵەتێکدا، کە ئەگەر بشێت ئەم مێژوە بونی هەبێت، تەنیا دەتوانین دەربارەی ئەو فۆڕمە بدوێین مێژوی درۆ لەودیوی زانینەوە وەری دەگرێت، یان دەبێت وەری بگرێت(Derrida,2005, 113).

لەمیانەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، دێریدا لە گەڕانی بەدوای نوسینەوەی مێژوی درۆ هەڵماندەداتە ناو ئەستەمییەکەوە، کە گومانبکەین بەدەستهێنانی مێژوی درۆ شیاوە. تەناتەت دێریدا لە کۆتایی کتێبەکەیدا بەو ئاکامە دەگات، کە مێژوی درۆکردن، وەک ئەوەی هانا ئارێنت دەیویست، ناشێت ئەوەندە سانابێت، کە بکارێت پێیبگات( Ibid. 112). بۆ دێریدا، نەوەک ئارێنت، ئەوەی شیاوە بکرێت قسەکردنە لەو فۆرمەی درۆ وەریدەگرێت. دەتوانین ئەوە لەم بۆچونەی دێریداوە هەڵبهێنجین، سروشتی درۆ بەجۆرێکە، کە دەکارێت فۆرموەرگرێت. تەنانەت دێریدا بۆ پەرەدان بە تێزەکانی سەبارەت بە درۆ و مێژوەکەی دەخوازێت لەڕێگای ژینالۆژیایەکی (بنەچەخوازی) هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە بەرەو شیکاری چەمکی درۆ بڕوات، ئینجا بۆ چەمکی ڕاستگۆیی. باشە بۆ؟ لەبەرئەوەی

ئەوەی پێویستمانە شیکارییەکی ژینالۆژییە(Wallenstein,200,67)، بۆ دێریدا ژینالۆژیایەکی لەم جۆرە نکوڵیلێنەکراوە و خۆدزینەوە لێی مەحاڵە. دێریدا دڵنیایە، کە دەبێت ئەوەیش دیاریی بکات، کە چۆن دەشێت ژینالۆژیایەک بۆ درۆ پێکبهێنین بە بێ لەناوبردنی ئەو بابەتەی دەیەوێت بیگرێتە خۆی، کە ئەمەیان لای خوارەوە ئاوڕی لێدەدەینەوە.

## باسی چوارەم: هەڵوەشاندنەوەی واتای درۆ

گومانی ناوێت، نوسینی مێژویەک تایبەت بە دیاردەی درۆ ئامانجی سەرەکی دێریدایە لە کارە فەلسەفییەکەیدا، لێ دێریدا دەمانخاتە بەردەم دو مێژوە: مێژوی واتای درۆ و مێژوی دیاردەی درۆ، یان مێژوی درۆ لەخودی خۆیدا. کەواتە، هەڵوەشانەوەگەراییەکەی دوتۆی ئەم توێژینەوەیە بەجۆرێک کاردەکات، کە تێگەیشتنی نەریتی بۆ درۆ و ئەو مێژوەی تایبەتە بە واتای درۆ هەڵبوەشێنێتەوە. خودی هەڵوەشانەوەگەراییەکە لەسەر بناغەی ژینالۆژی کاردەکات و کارکردنیشی لەسەر ژینالۆژی چارەنوسی نوسین لەسەر درۆ بەرەو شوێنێکی نادیار دەبات، ئەوەی لەناو تێکستدا پەنهان و نەوتراوە لەسەر درۆ لەبەردەم خوێنەردا واڵادەکرێت و واتاکانیش لەبەریەکدا هەڵدەوەشێنرێنەوە.

هەڵوەشاندنەوەی واتای درۆ وەک هەڵوەشاندنەوەی گشت دوانەییەکان (ڕاستی/ درۆ، باشە/ خراپە) بەشێکن لە شێوەی کارکردنی فەلسەفییانەی دێریدا لەناو فەلسەفەی ئەوروپایی، لێ ئەوەی تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی واتای درۆوە ئەوەیە، کە هەڵوەشاندنەوەی واتای درۆ خۆی وەک بەرپرسیارییەکی یاسایی، ڕەوشتی و سۆسیۆ-سیاسیی نیشاندەدات. بەپێی دێریدا ئەم واتایە نە حاڵەتە و نەڕوداویش. بەڵکو کردەیەکی مەبەستدارە (Derrida,2005, 23). ئەرکی سەرەکی دێریدا گەیشتنە بە مێژویەک تایبەت بە درۆ. ئەم ئەرکە سانا نییە ئەنجامدانی، ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی، کە درۆ خۆی لەبەردەم چەند واتایەکی تردا دەبینێتەوە (هەڵە، فریودان، بەلاڕێبردن،..)، کە واتای درۆ دەشێوێنن.

دێریدا بۆئەوەی مێژویەکمان تایبەت بە واتای درۆ، دیوی تری درۆ، بخاتەڕو بۆ گفتوگۆی زۆرێک لە بیریارانی ئەوروپایی دەگەڕێتەوە، لەوانە یۆنانییەکان (ئەفلاتون، ئەریستۆ)، ڕۆمانییەکان (ئۆگۆستینۆس)، ئەڵمانییەکان (کانت، نیچە، هایدیگەر، ئارێنت)، فەرەنسییەکان(مۆنتانی، ڕۆسۆ).

بۆ ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی واتای درۆ لەم توێژینەوەیەدا شوێن بەخۆی بگرێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، کە ئەو پرسیارەی بۆ دێریدا گرنگە بکرێت ئەوە نییە درۆ چییە؟، بەڵکو ئەوەیە، کە سروشت و مەبەستی درۆ چییە؟ کردەی درۆ واتای ئەوەیە ئێمە قسە بۆ ئەوانیتر دەکەین بۆئەوەی وتەیەک یان کۆمەڵێک وتەی کاریگەرانە، یان وتەی سەلمێنەر ببیستن، کە لە هەمان کاتی وتنیاندا زۆر بەڕونی خۆمان دەزانین بەشێکیان، یان هەر هەمویان بانگەشەی

هەڵەن و ئامانجدارن(Ibid.). هاوکات خەمی سەرەکی دێریدا لە توێژینەوەکەیدا وا خۆی نیشاندەدات، کە جیاکردنەوەی هەڵەیە لە درۆ. لە کاتێکدا هەڵەکان هەڵەن سەبارەت بە ڕاستی ئەوەی، کە لە ڕاستیدا هەیە. درۆکان هەوڵێکی مەبەستدار و خودیین بۆ چەواشەکردن(Jay,2009, 4).

لە میانەی هەڵوەشاندنەوەی واتای درۆ بەوە دەگەین، کە واتای درۆ لە دیدی دێریدا بە چەند واتایەکی ترەوە گرێدراوە، لەوانە بەڵێن، بەڵێنی درۆ. سوێند، سوێندی درۆ (Derrida,2005,6). ئەوەی لێرەدا فرە گرنگە بۆ دێریدا پەیوەندی درۆیە بە هەڵەوە. پێچەوانەی درۆ ڕاستی یان واقیع نییە، بەڵکو ڕاستگۆییە (سدق). ئۆگۆستینۆس وایبۆدەچێت دەکرێت وتنێک بڵێین هەڵە بێت بێ ئەوەی درۆبکەین. ئەگەر ئەوەی دەیڵێین بە نییەتێکی پاکەوە وترابێت ئەمە بەو مانایە دێت شتێکی ڕاستمان وتوە و مەبەستمان خەڵەتاندنی ئەوانیتر نەبوە، لێ لەبەرئەوەی ئەوەی وتومانە بە نییەتێکی خراپەوە وتراوە، ئەگەر ڕاستیشمان وتبێت مەبەستمان خەڵەتاندنی ئەوانیتر بوە بۆیە ئێمە بە درۆزن دادەنرێین (Ibid.).

## باسی پێنجەم: درۆی مەبەستدار یان جیاکردنەوەی مێژوی درۆ لە مێژوی هەڵە

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی مێژوی درۆ دەکەوینە شوێنێک، کە ناچارمان دەکات هەڵە لە درۆ جیابکەینەوە. ناکرێت هەمو هەڵەکان بە درۆ لەقەڵەم بدەین، جیاوازییەک لەنێوان هەڵە و درۆدا هەیە، پێشتریش هەردو بیریاری مێتافیزیکی ڕۆژئاوا ئەفلاتون و قەشە ئۆگۆستینۆس بەتوندی جەختیان لەسەر ئەمە کردوەتەوە. ئەوە سەلمێنراوە، کە درۆ تایبەتمەندییەکی زۆر ئاشکرای هەیە، ئینجا دەبێت کار بکەین بۆ جیاکردنەوەی درۆ لە هەڵە و نەزانی، لە پێشداوەرییەکان، لە بەڵگاندنی هەڵە، بگرە تەنانەت لەو کەموکوریانەش لە زانیندا هەیە. لە گۆشەنیگای دێریداوە دەتوانین لەمە دورتریش بڕۆین و ئەوە دوپات بکەینەوە، کە دەبێت درۆ لە لەدەمدەرچون و لەدەستدەرچونیش جیابکەینەوە، کە لە کار و کردار یان پراکتیک یان تەکنیکە پشت پێبەستراوەکاندا دروست دەبێت. گومانیناوێت ئەمەش ئەرکەکەمان سەختتر دەکات (Ibid., 76). هاوکات درۆ، کە دەبێت بە ڕاستی وەک ئەوە وایە، کە ڕوکەش ببێتە واقیع(Wallenstein, 2019, 95).

لەسەر ئەم بنەمایە، درۆ تەواو جیاوازە لە هەڵە، یان لەو کەموکوریانە جیاوازە، کە لە زانیارییەکان و شارەزاییەکاندا هەیە؛ درۆ پێویستی بە پێداگرییەکی مەبەستدارانە هەیە بۆ زیانگەیاندن بەوانیتر. لەسەر قسەی دێریدا لێرەدا دەبێت جیاوازی لەنێوان پرۆژەی مێژوی درۆ و ئەو شتەدا بکرێت، کە دەتوانین بەگوێرەی دەستەواژە بەرکاهێنراوەکەی نیچە لە "ئاوابونی بتەکان"دا، ناوی بنێین مێژوی هەڵە(Derrida, 2005 ,77) .

دێریدا سەرسامانە هێما بۆ ئەوە دەکات، کە کاتێک لەسەر بنەمای مێژوویەک، یان ڕوداوگەلێک، کە لە مێژودا ڕویانداوە، پرسیار دروستبێت لەسەر درۆ، ئەو درۆیانەی بەدەم مێژوی ڕوداوەکانەوە دەگێڕدرێنەوە، خۆ ئەگەر بوترێت لێرەدا درۆیەک لە گۆڕێدایە و وا دروستە ئەو قسانەی درۆن دیاریی بکرێن، ئەی کێ بەناو درۆکەوە قسە دەکات و کێ ئامانجی درۆکەیە، کە دەشێت وەک قوربانیی درۆ ئەژماری بکەین؟ سەبارەت بەم لایەنە دێریدا وتەنی پێویستە بۆ سەرەتاکانی ئەم جۆرە پرسیارانە بگەڕێینەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو ڕێگەیە بدۆزینەوە درۆ بەهۆیەوە دروست بوە و ئەو شێوازەش، کە پشتی پێدەبەسترێت لە درۆکردندا(Ibid., 63).

وێڕای ئەوەی وترا، کتێبی ""مێژوی درۆ""ی دێریدا بەپێی دانپیاهێنانی خۆی بێت لە ناونیشانی تێکستێکی نیچەوە نزیکە بەناوی""مێژوی هەڵە"". ئەم تێکستەی نیچە بەشێوازی گێڕانەوە لە کتێبی""ئاوابونی بتەکان""یدا خراوەتەڕو. خودی گێڕانەوەکەی نیچە تایبەتە بە جیهانی ڕاستی و مێژوی ئەم جیهانە. دێریدا وایدەبینێت، کە "مێژوی هەڵە" ناونیشانێکی لاوەکییە و لەو تێکستەدا نیچە نیازخوازە شتیترمان پێبڵێت. ئەوەی لەم گێڕانەوە هەقایەتئامێزەی نیچەدا مەبەستە ئەوەیە، کە «""جیهانی ڕاستی"" چی بەسەر دێت کاتێک دەگۆڕێت بۆ خورافە(Derrida, 2005 ,8) .

لەوێدا زۆر بەڕونی ئامانجی نیچە ئەوەیە، کە ئەفلاتونیزم، مەسیحییەت، کانتیزم و پۆزەتیڤیزم بە درۆ تاوانباربکات. ئەمەش بۆئەوەی وامانلێکات باوەڕ بە "جیهانی ڕاستی"(جیهانی ڕاستەقینە) بهێنین، بەڵام ئەگەر هەر لە سەرەتاوە تەنیا ڕەخنە لەوە بگرین، کە زمانی ڕۆژانە و فەلسەفە مەبەستی وتنی نیچەیە، ئەگەر متمانە بەم مەبەستەش بکەین، ئەوا بە گشتی درۆ واتای گومراکردن و هەڵەکردن نییە، دەشێت گومراکەربین و هەڵە بکەین بەبێ ئەوەی درۆمان کردبێت، جاری وا هەیە زانیاریی هەڵە بەوانیتر دەدەین، بەبێ ئەوەی مەبەستمان ئەوە بوبێت درۆیان لەگەڵدا بکەین. کاتێک قسەی هەڵە دەکەین، یان گومراکەرین و پێشمانوایە ئەوەی دەیڵێین ڕاستە و بەوانیتریشی ڕادەگەیەنین بەبێ ئەوەی مەبەستمان فریودانیان (خەڵەتاندن) بوبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئێمە درۆمان نەکردوە. تەنانەت ئەوەش ئێمە ناکاتە درۆزن کاتێک شتێک بڵێین، یان گوزارشت لە ئایدیا و بۆچونی هەڵە بکەین، کە هیچ نەبێت لە ناخی خۆماندا پێمانوایە ئەوەی وتراوە ڕاستن(Ibid.,14).

دێریدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە دەبێت تێکستی""مێژوی هەڵە""خورافیی و گفتوگۆئامێز و گاڵتەجاڕەی نیچەمان لەبەرچاو بێت. لەوبارەشدایە، کە ناتوانین و ناکرێت مێژوی درۆ لە مێژوی هەڵە پوخت بکەینەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵەیە پرۆسەی دروستبونی هەمو ئەو شتانەش لەخۆبگرێت، کە ڕاستە، بگرە تەنانەت ئەگەر مێژوی ڕاستیش وەک ڕاستی بگرێتەوە(Ibid.,10). باشە ئەگەر درۆکردن "نوسینی مێژو بگۆڕێت"، ئەمە بەو مانایە ناکات، کە ناڕاستییەک نکوڵی لە ڕاستیەک دەکات؟ (Caruth, 2009) نیچە لە "دەروازەیەکی تیۆری بۆ ڕاستی و درۆ لەدەرەوەی گشت ڕەچاوکردنێکی ئاکاریی (موڕالیی)" (١٨٧٣)، دەبینین بەردەوامە لە خستنەڕو یان گریمانەکردنی پەیوەندیی

بەردەوامی نێوان هەڵە و درۆ، ئینجا پەیوەندیی نێوان ڕاست (حەق) و ڕاستگۆیی (الصدق)، ئەمەیش وادەکات دۆزی درۆ لەناو شێوازێکی بێلایەن و دور لە ڕەچاوکردنە ئاکارییەکان بخاتەڕو، واتە وەک کێشەیەکی تیۆریی و ئێپیستیمۆلۆژیی (Derrida,2005,10).

لە ڕوانگەی دێریداوە ئەم ئاماژەیە، ناکرێت وا بڕیاری لەبارەوە بدەین، کە ناڕەوا یان بێ سودە، بەڵام کاتێک دەکارین ئەمە بکەین، کە قبوڵی ئەوە بکەین ڕەهەندە ڕەوشتییەکەی درۆ پەسەندبکەین. واتە ناوەڕۆکی دیاردەی درۆ بەو جۆرەی هەیە، پەیوەندی بە کێشەکانی زانین، ڕاستی، دروستی و هەڵەوە نییە. لێرە دێریدا دەخوازێت کەمێک هێڵی ئاراستەی ئەو کەلێنە بکێشێت لەنێوان ئەم ڕەهەندە ڕەوشتییەی درۆ و یەکێک لە فۆڕمەکانی مێژوە سیاسییەکەی درۆ دا هەیە (Ibid.,11) ، کە دواتر دێینەوەسەری.

سەرباری ئەوەی وترا، ئەوەش دەخەینەڕو، کە بە پێی ئەو دیاریکردنە کلاسیکییە بێت، کە بۆ درۆ دەکرێت ناکرێت درۆ وەک هەڵە ببینرێت. دەکرێت بکەوینە هەڵەوە و دەکرێت هەڵە بکەین و دەشکرێت هەڵە بڵێین بەبێ ئەوەی مەبەست لەم هەڵەکردنە فریودانی (خەڵەتاندنی) ئەوانیتر بێت، واتە بە بێ ئەوەی ئامانجمان ئەوە بوبێت درۆیان لەگەڵدا بکەین. ئەزمونەکانی تایبەت بە درۆ و فریو و "هەڵە"، ئەمانە هەر هەمویان دەکەونە خانەی کاتیگۆریای پسۆدۆلۆژیاوە (ساختەکاریPseudologie ). وشەی (Pseudos) لە زمانی یۆنانیدا وێڕای ئەوەی درۆ دەگرێتەوە، ساختەبازی، فێڵبازی، هەڵە، فریو یان خەڵەتاندن، تەڵەکەبازی و ئەفراندنی شیعرییش دەگرێتەوە (.Ibid).

دێریدا دژی ئەو تێگەیشتنەیە کە درۆ کردەیەکی مەبەستدارە. نەک هەر ئەوە، ئەوەش، کە دێریدا ڕێنومایماندەکات، کە درۆ هەڵە نییە. سەرباری ئەوە، دێریدا پێیوایە ئەو کاتەی مرۆڤ هەڵە دەکات ئەوا نابێتە کەسێکی درۆزن، تەنیا لە دو حاڵەتدا نەبێت: یەکەمیان ئەوەی، کە بە مەبەستەوە ئەو هەڵەیە بکات، واتە شتگەلێک بڵێت، کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەو شتەی بیری لێدەکاتەوە؛ دوەم، کە گرنگترە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم کارەی بە جۆرێک لە جۆرەکان ببێتە مایەی زیان بەرامبەر بە خۆی و ئەوانیتر(Ibid,. 21-22).

## باسی شەشەم: درۆ لەگەڵ خودی خۆدا

ژان-ژاک ڕۆسۆ لە کارە فەلسەفییەکانیدا سەبارەت بە درۆ بایەخ بە توانای درۆ لەگەڵ خودی خۆدا دەدات ئەمەش وادەکات دێریدا ئەم لایەنە بە کێشە بزانێت و بۆ ئەو مەبەستە دەپرسێت: ئایا دەبێت باسی درۆکردن لەگەڵ خودی خۆدا بکەین؟ یاخود دەکارین درۆ لەگەڵ خۆماندا بکەین؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات؛ واتە بە مەبەستەوە شتێک بە خۆی بڵێت، کە زۆر باش ئاگای لەوەیە ئەم شتەی بەخۆی وتوە جیاوازە لەوەی ئەو لە ڕاستیدا بیری لێدەکاتەوە؟ دێریدا ئەم کردەیە بە مەحاڵ و پوچ دەبینێت. ئەمەش لەبەرئەوەی گەر مرۆڤ ئەم کارە بەو

مەبەستەوە بکات، کە خۆی ئازار بدات و لێی بێدەربەست بێت، یان لەڕێگەی زیان پێگەیاندنییەوە دەرهەق بە خۆی غەدر بکات؟ دریدا وای بۆدەچێت، کە ئەم گریمانە ئەوەمان پێدەڵێت ئەرکێک بونی هەیە، کە مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی وەک ئەوەی بوەتە کەسێکی دیکە، لە ئەستۆیدایە (Ibid.,19). هاوکات ئەوەش کارێکی سانا نییە سەلماندنی ئەوەی کەسێک درۆیکردوە هەتا ئەگەر کرا ئەوە بسەلمێنرێت ڕاستی نەوتوە (Barbour , 2011,634).

دێریدا ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەدات، کە درۆ لەگەڵ خودی خۆدا ئەو درۆیەیە، کە ناشێت بکرێت، بەڵکو لەتەک ئەویتردا دەکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی درۆکردن لەگەڵ خودی خۆدا بەو مانایە دێت وەک ئەوەیتر مامەڵە لەتەک خۆماندا دەکەین(Derrida,2005, 21). درۆ لەگەڵ خودی خۆدا لەوێوە دەستپێدەکات، کە شتێک بە خۆت بڵێیت یان بکەیت ئەوە نەبێت، کە مەبەستە. بۆئەوەی مرۆڤ درۆ لەگەڵ خودی خۆیدا نەکات، پێویستی بەوەیە لەگەڵ خودی خۆیدا ڕاستگۆ بێت.

هەندێک گێڕانەوە نە بەهەڵەوە پەیوەستە و نە بە درۆشەوە، چونکە درۆ بە واتا بەرتەسک و کلاسیکییەکەی ئەم چەمکە، پێویستی بە زانینی ڕاستی هەیە، ئینجا دەبێت بە مەبەستەوە ئەم ڕاستییە بشێوێنرێت، ئەمەیش واتە درۆنەکردن لەگەڵ خۆدا. لەم حاڵەتەدا دێریدا دەپرسێت: چۆن ئەمە ڕودەدات؟ ئەمە کاتێک ڕودەدات، کە مرۆڤ زانیاری تەواو و وردی لەبەردەستدا بێت دوچاری هەڵە نابێت. واتە کاتێک کەسێک بەدواچون بۆ دیاردەیەک دەکات بە زانیاریی دەوڵەمەندەوە خۆی لە هەڵە بەدوردەگرێت (Ibid., 77-78).

درۆی مۆدێرن ئارێنت وتەنی، کە بریتییە لە فریو و خۆفریودان (La Caze, 2017) ، ئەمە ئەو جۆرە درۆیەشە لە کۆتایدا زەمینە بۆ درۆ لەگەڵ خۆدا دادەنێت. تەنانەت درۆ لەگەڵ خۆدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لەو توێژینەوەیەدا هەیە، کە ئارێنت بەناوی "سیاسەت و ڕاستی"یەوە کاری تیداکردوە. بێگومان ئارێنت بۆ بەرجەستەکردنی درۆ لەگەڵ خۆدا نمونەکان لەو گێڕانەوە و وتارانەوە دەهێنێتەوە لە سەردەمە کۆنەکانی پێشتردا هەبون. ئارێنت سەرنجی ئەوە دەدات کە وا دەردەکەوێت ماوەیەکی درێژ ئەستەمە بەبێ درۆکردن لەگەڵ خودي خۆدا، درۆ لەگەڵ ئەوانیتردا بکەین، هەروەها ئارێنت وتەنی""چەند درۆزن لە درۆکردن لەگەڵ ئەواندا سەرکەوتوبێت، ئەوەندەیش شیاویی زیاتری ئەوە هەیە خۆیشی ببێتە قوربانیی ئەو درۆیانەی خۆی دایاندەهێنێت""(Derrida,2005, 80). هەرچی دێریدایە پێیوایە، کە درۆکردن لەگەڵ خودی خۆدا، ئەمە دەچێتە خانەیەکی دیکەوە و ناتوانین لەو کاتیگۆرییانەدا کورتی بکەینەوە، کە لە سەرجەم ئەو تیۆرییە نەریتییانە وەرمانگرتون دەربارەی درۆن، هەر لە ئەفلاتون و ئۆگەستین و ڕۆسۆوە هەتا کانت، بگرە ئارێنتیش، تەنانەت لەو لایەنە جیاوازانەیشدا لەنێوان ئەم بیرمەندانەدا هەیە (Ibid., 79). سەرباری ئەوە، ئەگەرچی فەیلەسوفەکان زۆریان لەوبارەوە وتوە، لێ درۆکردن لەگەڵ خودی خۆدا "نیازی خراپ"ی نییە، چ

بە واتا باوەکەی و چ بەو واتایەی سارتەر پێیدەدات، کەواتە پێویستە ناوێکی دیکە لەم جۆرە درۆیە بنێن و پێویستی بە لۆژیک و وشەی جیاواز لەوە هەیە(Ibid.).

## بەشی دووەم: درۆ لە دیدی فەیلەسوفانی پێش دێریدا

### باسی یەکەم: گەڕانی فەلسەفە بەدوای ڕاستگۆییدا دیاردەیەکی فەلسەفیی پێش دێریدایە

گومانی ناوێت گەڕانی فەلسەفە بەدوای ڕاستگۆییدا دیاردەیەکی فەلسەفیی پێش دێریدایە، بەڵام لەسەردەستی دێریدا درۆ مێژووەکەی دەخرێتە بەرباسی قوڵی فەلسەفییەوە. توانای مێژویی فەلسەفە لەوێدا دەردەکەوێت، کە مامەڵە لەتەک کێشە گەرمەکاندا دەکات (Sjöholm, 2020, 53 ) لەگەڵ دەرکەوتنی فەلسەفە گەڕان بەدوای ڕاستی کارێکی وردی فەلسەفە بوە و درۆش ئەو دوژمنە بوە فەلسەفە هەمیشە کاری بۆ نەمانی کردوە. بۆیە هەچ هەڵوەشاندنەوەیەک بۆ واتای درۆ بکرێت ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە درۆ، ورێنە، ئەفسانە، نەزانی و خەڵەتاندن ئەو دژە جەمسەرانە بونە ڕاستی ڕوبەڕویان بوەتەوە. بەم جۆرە گەر ڕاستی لە خانەی نا–درۆ دا پۆلینبکەین درۆ لە خانەی نا–ڕاستدا پۆلیندەکەین، بەڵام ئەم پۆلینە پێماندەڵێت، کە دژەجەمسەری درۆ ڕاستی نییە، بەڵکو ڕاستگۆییە، کە ئەم لایەنە لە توێژینەوەکەدا سەرنجیدەخرێتەسەر.

درۆ بۆ فەیلەسوفان هەردەم بابەتێک بوە بۆ گفتوگۆی فەلسەفیی. هەروەها قسە لە درۆ،یان لە ناڕاستی، لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە دیوێکی قسەکان و بگرە زۆرتر لە ڕاستیش سەرنجی خراوەتەسەر. لە نوسینەکەی دێریداشدا دەرک بەوە دەکەین، کە درۆ و ڕاستی (ڕاستگۆیی) وەک دوانییەکی دژ خۆیان دەردەخەن. دێردیداش بەبێگومان لێهاتو بوە لە هەڵوەشاندنەوەی دوانییەکانی (باشە/خراپە، بابەت/خود، هۆش/ جەستە) ناو وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوایی.

لە مێژوی فەلسەفەدا درۆ بابەتێکی گفتوگۆئامێزبوە. فەلسەفە لە ئەفلاتونەوە تا دێریدا، واتە لە یۆنانەوە: ئەفلاتون، ئەریستۆ، دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئۆگۆستینۆس و لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی ڕێنیسانس لە سەدەی ١٦ میشێل دی مونتین، دواتر لە سەدەی ١٨ ڕۆسۆ و کانت و لە سەدەی ١٩ نیچە و لەسەدەی ٢٠یشدا کوێرێ، ئارێنت پاشانیش خودی دێریدا وتنی درۆیان خستۆتە ژێر پرسیاری فەلسەفییەوە.

### باسی دووەم: ئەریستۆ

کتێبی "مێتافیزیک"ی ئەریستۆ سەرچاوەی گەڕانەوەکانی دێریدان بۆ واتای درۆ. وشەی یۆنانی درۆ Pseudos زۆرێک مانا لە خۆی دەگرێت: هەڵە، فریودان، فێڵبازی، ساختە تەنانەت داهێنانی شیعریش دەگرێتەوە. ئەریستۆ سێ واتای

وشەی درۆ دەستنیشاندەکات. یەکەمیان بە شتەوە(os pragma pseudos) تایبەتە، دوەمیان بە ئاخافتنەوە (Logos)، واتە ئەوەی کاتێک دەتوانین دەربارەی ئەو شتە قسە بکەین بونی نییە، سێیەمیان بەمرۆڤەوە (Anthropos)، ئەوەی کاتێک ئەمجۆرە ئاخافتنانە بەکاردەهێنرێت و لەڕێگەیانەوە مرۆڤ گوزارە لە خۆی دەکات، واتە کاتێک بە درۆ و درۆزنەکانەوە تایبەتە(Derrida,2005, 11-12).

ئەریستۆ لە کتێبی "مێتافیزیک"دا (D, 29, 1024 b, 1025 a) ئەوەی ئاماژەپێداوە، کە هەندێک لەو تێزانەی ئەفلاتونی لاپەسەند نییە لە دیالۆگی "هیپپیاسی بچوک"دا هاتون، وەک ئەو تێزەی دەڵێت درۆزن (Pseudès) ئەو کەسەیە توانای درۆی هەیە. ئەریستۆ بە مەبەستی ڕونکردنەوە ئەوەش دەڵێت، کە درۆزن تەنیا ئەو کەسە نییە توانای درۆکردنی هەیە، ئەو کەسەشە، کە مەیلی بۆ درۆکردن هەیە، هەر لەسەر ئەم بناغەیە ئەم کەسە درۆ هەڵدەبژێرێت و بە ئەنقەست و بە مەبەستەوە درۆ دەکات، ئەمەیش، کە ڕەخنەیەکی دیکەی ئەرستۆیە لە ئەفلاتون، درۆزن دەکاتە کەسێکی مەترسیدارتر لەو کەسەی بەبێ ئەوەی مەبەستی بوبێت درۆ بکات درۆیکردوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بتوانین گریمانەی بونی درۆزنێکی لەم جۆرە بکەین(Ibid. , 12). لێرەدا درۆزن تەنیا توانای درۆی نییە، مەیلی بۆ درۆش هەیە ئەمەش تێزە سەرەکییەکەی ئەریستۆیە، کە گفتوگۆکانی دێریدا سەبارەت بە درۆ و مێژوەکەی بە شێوازی جیا دەجولێنێت.

## باسی سێهەم: ئۆگۆستینۆس

بۆئەوەی ڕونتر واتای درۆ هەڵبوەشێنینەوە هێما بۆ بابەتی نیاز و نیاز باشی دەکەین، کە پێشتریش ئۆگۆستینۆس لە سەرەتای ئەو نامەیەی ناوی لێناوە "دەربارەی درۆ"، هێمای بۆکردوە. بەپێی ئەو شێوازە لە هەڵوەشاندنەوەگەراییە بێت دێریدا بۆ هزری ئۆگۆستینۆس لەو نامەیەی ناوی هات کاری لەسەردەکات دەبینین (Shbani, 2018) پێشنیاری جیاکردنەوەی نێوان باوەڕبون و پێوابون دێتەپێشی، ئەم جیاکارییەش بەپێی دێریدا بۆ ئێستای ئێمە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە. درۆکردن لەگەڵ ئەوانیتردا فریودان لەخۆدەگرێت، تەنانەت ئەگەر قسەکانمان دروستیش بن. لە هەمو دۆخێکدا دەتوانین قسەی هەڵە بکەین، بەبێ ئەوەی درۆزن بین، دەشتوانین قسەی دروست بکەین، کە ئامانجمان لێی فریودانی ئەوانیتر بێت، لەم کاتەدا ئێمە درۆزن دەردەچین(Derrida,2005, 14).

کاتێک پێمانوایە ئەوەی دەیڵێین دروستە و باوەڕمان پێیەتی، نابینە کەسێکی درۆزن، تەنانەت ئەگەر وتنەکانمان هەڵەش بن. لەم بارەوە ئۆگۆستینۆس جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر کەسێک قسەیەکی وت و پێیوابو دروستە، ئەوا تەنانەت لە حاڵەتی سەلماندنی هەڵەبونی ئەو قسەیەدا، نابێتە کەسێکی درۆزن. ئۆگۆستینۆس توانای درۆکردنی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بە دور دەزانێت؛ واتە ناکرێت مرۆڤ خۆی بخەڵەتێنێت/درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات (Ibid., 15).

ئەمەو بۆ ئۆگۆستینۆس هەمو درۆیەک گوناهە، بەڵام ئەوەی جیاوازییە گەورەکە دروست دەکات مەبەستی بنەمای درۆکەیە، ئەو شتانەی مرۆڤ درۆی لەبارەوە دەکات(Gramigna, 2013) .

ئۆگۆستینۆس درۆی لە کەوتنە هەڵە جیاکردوەتەوە، ئەوەش بە هیوای جەختکردن لە مەبەستداری لە کردەی درۆکردندا. ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات، ئەوە ببینین، کە درۆکردن بریتییە لە ئارەزوی فریودانی کەسانی تر، تەنانەت ئەگەر لە هەندێک کاتدا، پێویست بێت ڕاستییەکانیش بڵێین. دەشتوانین بەبێ درۆ قسەیەکی هەڵە بکەین، لێ دەشتوانین ڕاستیەکان بڵێین بۆ ئەوەی فریو بدەین، واتە درۆ بکەین. ئەوە بە درۆ ئەژمار ناکرێت کاتێک، کە هەڵە دەکەین ئەگەر پێمان وایە دروستیشە. درۆکردن قسەیەکی هەڵە نییە، لێ دەتوانین بە وتنی ڕاستیەکان درۆ بکەین. درۆ هەڵخەڵەتاندنە، پێش هەمو شتێک بارگرانییە بۆ باوەڕکردن.

جەغتی دێریدا لێرەدا لەسەر تێگەیشتنی ئۆگۆستینۆسە، کە هەر چییەک بوترێت بە هیچ جۆرێک نابێتە درۆ ئەگەر مەبەست و ئارەزو و ویستێکی ڕونی فریودانی تێدا نەبێت، ئەم مەبەستە، کە هەریەکە لە درۆ و ڕاستی لەسەر ئاستی وتن دیاریی دەکات، سەربەخۆیە و پەیوەندیی بە دروستی و هەڵەی ناوەڕۆکەوە نییە، واتە دروستبون یان هەڵەبونی ئەوەی کە وتراوە. درۆ پەیوەستە بە کردەی وتن و مەبەستی قسەوە نەک بە ناوەڕۆکی وتراوەکەوە. بەبۆچونی ئۆگۆستینۆس «ئێمە کاتێک بانگەشە بۆ شتانێکی هەڵە دەکەین، کە پێمانوایە ڕاستن، درۆ ناکەین [....]، ئەو کاتە دەبینە درۆزن کە بانگەشەی ڕاستیی شتانێک بکەین کە خۆمان پێمانوایە هەڵەن. لەبەرئەوەی تەنیا لە میانەی مەبەستەکانەوە دەتوانین دادوەری لەسەر ئاستی هاوتایی کردەکان لەگەڵ ڕەوشتدا بدەین»( Derrida,2005, 25).

## باسی چوارەم: ڕۆسۆ

ڕۆسۆ لە پۆلینکردنێکدا سەرجەم جۆرەکانی درۆ دەخاتەڕو. لەپاڵ خەڵەتاندن تەڵەکەبازی و بۆهەڵبەستنیش بەجۆرەکانی درۆ دەناسێنێت. پێشیوایە بۆ بەرژەوەندی خۆت درۆ بکەیت، ئەمە ئەستەمە، لە بەرژەوەندی ئەوانیتر درۆ بکەیت، واتە بە مەبەستی ئازاردانی ئەوانیتر درۆ بکەیت، ئەمە تەڵەکەبازییە، کە ئەمەیان جۆرە هەرە خراپ و سەختەکەی درۆیە ( Ibid., 16). لەپاڵ ئەم جۆرانەی درۆ ڕۆسۆ گرنگی بە باسی دلسۆزیش دەدات وەک کێشەیەک لەبەردەم ڕیا (دوڕویێ) (Warner, 2018). وێڕای ئەمە ڕۆسۆ سەرنجی ئەوە دەدات کاتێک درۆ زیان بە خود و ئەوانیتر نەگەیەنێت و ئازاریان نەدات ئەمە درۆیەکی پاکە. درۆی پاک بەپێی ڕۆسۆ بە "درۆ" هەژمار ناکرێت. ئەمە "خەیاڵە تا درۆ، بۆیە ڕۆسۆ لەو باوەڕەدایە شاردنەوەی ڕاستییەک، کە هیچ ناچارنین بیڵێین هەمان شتە (Derrida,2005, 16-17).

ڕۆسۆ لە قسەکانی دا تایبەت بە درۆ پەیوەستە بە وتنی ڕاستگۆییەوە. لەم بارەوە پێیوایە،"وەک چۆن زۆر بە ئاگاداریییەوە ئەو شتە هەڵدەسەنگێنم لەبەرامبەر ئەوانیتردا لە ئەستۆمە، دەبێت ئەوەیش هەڵبسەنگێنم من بەرامبەر خۆیشم لە ئەستۆمە. وەک چۆن ناچارم بەرامبەر ئەوانیتر دادپەروەر بم، دەبێت لە مامەڵەکردنم لەگەڵ خۆیشمدا پەیوەست بم بە ڕاستگۆییەوە"" (Ibid., 20).هەندێک لە توێژەران پێیانوایە، کە فەلسەفەی ڕۆسۆ لەبارەی ڕاستییەوە فەلسەفەیەکی سوکراتییە (Neidleman, 2017). ئەم فەلسەفەیە خەمی گەورەی ئەوەیە بگاتە ڕاستی و ئەوەش، کە ڕاست پێویستە. لەو شوێنەش ڕاست بونی هەیە، درۆش دێتەناو گفتوگۆکانەوە.

ڕۆسۆ و دێریدا لەسەر هەندێک لایەنی تایبەت بە درۆ کۆکن. ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی ئەریستۆ بەو کەسە دەڵێت درۆزن، کە نەک توانای درۆی هەیە، بەڵکو مەیلی بۆ درۆکردنیش هەیە (Derrida,2005, 14). واتە ئەم کەسە درۆ بە مەبەستەوە دەکات. لێرەوە قسە دێتەسەر نیەتی درۆکردن، کە ئەمەش مەبەستگەریی نییەت و مەیل لە درۆدا لەخۆدەگرێت. زۆرجار ئێمە درۆ ناکەین بەس مەیلی وتنی ڕاستییمان نییە. لایەنێکی تری ئەم نییەتە ئەوەیە، کە زۆرجار ئەوەی وتومانە هەڵەیە بێ ئەوەی درۆمانکردبێت. ئەم لایەنە لای دێریدا بەرەو بابەتی درۆ لەگەڵ خودی خۆدا دەمانبات. بەمە دێریدا دەخوازێت ئەوەمان پێبڵێت، کە مرۆڤ دەکارێت شتێک بە خۆی بڵێیت جیابێت لەوەی بیری لێدەکاتەوە، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە، کە ئازاری ئەوانیتر بدات (Ibid., 7).

## باسی پێنجەم: کانت

هزری ڕەوشتی کانت(Wood, 1999) تەرەفێکە لە گفتوگۆی دێریدا تایبەت بە درۆ. بۆ کانت درۆ دژەجەمسەری ڕاستی نییە، بەڵکو ڕاستبێژییە. بەپێی فەلسەفەی ناوبراو ئەو درۆیەی زیان بە خودی خۆ و ئەویتر نەگەیەنێت درۆ نییە. بۆیە کانت داوادەکات لە مامەڵەمان لەگەڵ ئەویتر دەبێت ڕاستگۆبین. فێڵکردن لە ئەوانیتر بەواتای درۆکردن دەبییێت (Derrida,2005, 19).

ئەگەرچی درۆ دیاردەیەکی خودییە، واتە خود درۆدەکات، لێ کانت درۆ لە خودی مرۆڤ دوردەخاتەوە. چونکە بۆ کانت ئەوەی لە خودی مرۆڤەوە نزیکە ڕاستییە. هەرچی دێریدایە درۆ لە دەرەوەی خودیش دەبینێت. واتە درۆ دەکرێت وابەستەی دەوروبەر و مێژوش بێت. لێرەوە دەکرێت ئەوە بڵێین. دێریدا تێگەیشتنی فەلسەفیی کانت بۆ درۆ، کە تێگەیشتنێکی ڕەوشتییە، ڕەتدەکاتەوە، چونکە کانت باوەڕیوابو کاتێک کەسێک دەخەڵەتێنین کەوابێت درۆزنیشین، تەنانەت ئەگەر هیچیشمان نەدزیبێت، بەلای کانتەوە دەبێت ڕاستگۆیی لە هەمو مامەڵەیەکماندا لەگەڵ ئەوانیتردا ئامادەیی هەبێت (Ibid., 7).

بۆ کانت گرنگە وتنی ڕاستی گەر ئەوە زیانی بە ئەوانی تریش گەیاند. کانت گومانناکات، کە وتنی درۆ زیان بە گشت مرۆڤایەتی دەگەیەنێت. بەمجۆرە کانت بەهەمو شێوەیەک درۆ ڕەتدەکاتەوە. وتنی درۆ بە کردەیەکی ناپێویست دەزانێت و داکۆکی لە وتنی ڕاست دەکات. درۆی پراگماتیش بە درۆیەکی ناپێویست دەزانێت و نییەتی درۆکردنیش لەبنڕا بە هەڵە دەزانێت. ئەمەش لەلایەکی ترەوە بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین کانت پێیوایە، دیدی ڕەوشتی مرۆڤ دیدێکە لە بونیادی عەقڵی مرۆڤ دامەزراوە. واتە سروشتی ئەم مرۆڤە دیدە ڕەوشتییەکە لەخۆیدا پەنهاندەکات .(Wood, 1999)

## باسی شەشەم: نیچە

نیچە بۆ دێریدا و زۆرێک بیرمەندی هاوچەرخی فەڕەنسی دارمێنەری دوانەییەکانی ناو وتاری فەلسەفیی ئەوروپاییە. دێریدا لە کتێبی""مێژوی درۆ""دا بۆ کتێبی (ئاوابونی بتەکان، یان چۆن بە چەکوش فەلسەفە بکەین)ی نیچە دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٨٨٨دا نوسراوە و لە ساڵی ١٨٨٩دا چاپکراوە. ئەم گەڕانەوەیە بۆ نیچە گەڕانەوەیە بۆ بابەتی مێژوی هەڵە، کە لەوێوە دێریدا بەدوای مێژویەک بۆ درۆ دەگەڕێت. وەکیتریش ئەزمونی فەلسەفیی نیچە ئەوەمان پێدەڵێت، کە گەرانی نیچە بەدوای ڕاستی، کە بەشێک بوە لە شیکارییەکانی بۆ ئاکاری مرۆڤ، سوپایەکی جوڵاوە ئەم ڕاستییە، لە مێتافۆر و مێتۆنیم و ئەنترۆپۆمۆرفیزم(Nietzsche, 2012).

سەرباری ئەوە، لەسەر بناغەی شیکارییەکانی دێریدا بۆ دیدی ئارێنت سەبارەت بە درۆ دەبینین ئارێنت بە ڕونی گوزارشتی لەوە کردوە، کە دەیەوێت مێژوی درۆ لە ئایدیای "ئامۆژگاری ڕەوشتی"دوربخاتەوە؛ کە ئەمە لەگەڵ هەندێک جیاوازیدا نیچەمان بیردەخاتەوە، نیچە ئەوەی ڕاگەیاندوە، کە دەیەوێت وەها ئاوڕ لەم پرسانە بداتەوە، کە بیانخاتە "دەرەوەی ڕەوشت"ەوە(Derrida,2005, 98) . گرنگترین لایەنێک لە وتنی نیچەدا لەم بارەیەوە بۆ دێریدا جێگای بایەخە ئەو وتنەی نیچەیە، کە بەم جۆرەیە: چۆن وایلێدێت ئەم جیهانە ڕاستەقینەیە ببێتە خورافە. لێرەوە دێریدا، لەڕێگای نیچەوە، بە ئەستەمبونی جیهانی ڕاستەقینە ئاشنامانەدەکات، کە سەرەتاکانی بۆ ئەفلاتون و مەسیحایەتی ئەوروپای دەگەڕینیتەوە. ئەمەش وادەکات دێریدا ""مێژوی هەڵە""ی نیچە بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیهانی ڕاستەقینە بەکاربباب، ئەو جیهانەی نیچە پێیوایە دەبێتە خورافە. ئەمە بەو مانایەش دێت، کە گێڕانەوەی ڕاستەقینە دەبێتە گێڕانەوەی خورافە.

## بەشی سێهەم: سیاسەت وەک بوارە بەپیتەکەی درۆ: ئارێنت و کویرێ

### باسی یەکەم:درۆ لای کویرێ

هەر لەم سەرەتایەوە ئاماژە بەوەدەکەین، کە تێزەکانی ئارێنت سەبارەت بە درۆ هیچ نییە جگە لە درێژەدان بە وتاری "تێرامانەکان لە مەڕ درۆ"ی ئەلیکسەندەر کویرێ، کە لە گۆڤاری"رێنیسانس"Renaissance لە ساڵی ١٩٤٣دا پێش توێژینەوەکەی ئارێنت بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٤٥دا بەناونیشانی"وەزیفەی سیاسی درۆی نوێ بڵاوکراوەتەوە(Derrida,2005, 82). لەو توێژینەوەیەدا کویرێ لێهاتوانە ئەوەمان وەبیردێنێتەوە، کە پێشتر مرۆڤ هەرگیز بەم کێش و بەم فۆرمە بەردەوام و سیستماتیک و بێشەرمانەیەی ئێستا، درۆی پراکتیزە نەکردوە. تێکرای ئەو تەوەرانەش، کە ئارێنت ئاوڕیان لێدەداتەوە لەم وتارەی کویرێ ئامادەبونی هەیە، بەتایبەت درۆکردن لەگەڵ خودی خۆدا (Ibid., 83).

تێزی کویرێ تایبەت بە درۆ بەرەو ئەو جێگایەمان دەبات، کە بە درۆی سیاسیی ناسراوە، ئەو درۆیەی ئەم سەردەمە شیاویی لەبەردەمیدا والآکردوە. ئەم جۆرە درۆیە لە داهێنانی سیستەمە تۆتالیتارەکانە، ئەڵبەتە مرۆڤی نوێش، کە مەبەستی کویرێ مرۆڤی تۆتالیتارە، نوقمی درۆ بوە و بە درۆ هەناسەدەدات و بە درێژایی ژیانیشی ملکەچی درۆ بوە .(Ibid.) سیستەمە تۆتالیتارییەکان، کە بایەخێکی سەرەکی بە درۆ دەدەن نەوەیەکیشی لەسەر ڕادێنن .

کویرێ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کتێبی "خەباتی من"ی هیتلەر تیۆرێک لەخۆدەگرێت دەربارەی درۆ و خوێنەرەکانی کتێبەکەش لەوە تێنەگەیشتون باسەکە دەربارەی ئەوانە. ئەوەی جێگەی مشتومڕ نییە ئەوەیە، کە دەبێت لە هەرکاتێکی دیکە زیاتر توێژینەوە لە "خەباتی من" بکەین، ئەوەیش تەنیا لەبەرئەوە نا کە درۆی تێدایە، بەڵکو لەبەرئەوەیش، کە بە ئاشکرا هەوڵدەدات تیۆرێک دەربارەی درۆ بخاتەڕو، بەتایبەتیش لەمیانەی ئەو شتەوە، کە هیتلەر ناوی دەنێت "درۆی گەورە"، بگرە بەهای ئەم تیۆرە بەو ئاستەوە بەندە، کە لە گونجانی تەواوەتی دایە لەگەڵ ڕۆحی نەژاد و نەتەوە و چین، واتە ئەو سودانە دەکرێت لەلایەنی نەژادی یان نیشتمانی یان کۆمەڵایەتییەوە بیخاتە بەردەست.(Ibid.)

کویرێ پێیوایە سیستەمە تۆتالیتارییەکان و سەرجەم هاوشێوەکانیان، هەرگیز نەیانتوانیوە بەیەکجاری لە دەوالیزمی ڕاستی–درۆ دەربچن. کاتێک سیستەمە تۆتالیتارەکان پێویستییان بەم جیاکارییە لێکدژ و نەریتییە هەیە، لەبەرئەوەیە، کە کارێکی چارەنوسسازە، ئەم جۆرە سیستەمە تەنیا لەنێو ئەم چوارچێوە نەریتییەدا دەتوانێت پراکتیزەی درۆکەی خۆی بکات، هەروەها پێویستی بەم چوارچێوەیەیە بۆئەوەی بە تەواوی بە فۆرمە دۆگماییەکەی خۆی بمێنێتەوە و هەر بەو جۆرەیش بەردەوام بێت، تاوەکو بتوانێت فریوەکانی خۆی بچنێت. بە پێچەوانەی کلێشە میتافیزیکییە

کۆنەکانەوە، ئەوان لە دوالیزمەکەدا درۆ دەخەنە پێشەوە؛ واتە ئەوەی گۆڕاوە تەنیا هەڵگەڕانەوەی ڕیزکردنەکەیە، نیچەیش لە کۆتایی "مێژوی هەڵە" و چەند شوێنێکی دیکەدا، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم هەڵگەڕانەوەیە بەس نییە (Ibid.,91).

لەسەر بناغەی قسەکانی کوێری سیستەمی تۆتالیتار بە دەگمەن نەبی بایەخ بە ڕاستی بابەتی نادەن، ئەمەیش لە نوسینەکانیاندا و لە گوتارەکانیاندا و هەڵبەت لە پروپاگەندەکانیشیاندا، دەردەکەوێت نەک هەر ئەوە بگرە کار بۆ گۆڕینی ئێستا بە پێی هەواو هەوەسی خۆیان دەکەن. لەم بارەیەوە دێریدا تێگەیشتنمان بۆ ئەوە دەبات، کە درۆزن ئەو کەسەیە گوایە ڕاستێکی بەڵێن پێدراو دەڵێت، ئینجا دەزگا سیاسییەکان چەندە پەنا بۆ درۆ ببەن، ئەوەندەیش خۆشەویستی ڕاستی بەڵێنپێدراو دەکەنە دروشمیی ڕەوانبێژانەی خۆیان. گوزارەی""من قێز لە درۆ دەکەمەوە""، ئەمە ئەو شتە بو مارشال پێتان لە لێدوانە بەناوبانگەکەیدا وتی، کویریش بەشێوەیەکی کورت باسی دەکات و لەمەیشدا تەنیا پشت بە یادەوەری خۆی دەبەستێت، گوزارەکەیش ڕێک ئەمەیە:""درۆکان قێزەون بون، ئەو درۆیانەی بونە هۆی ئەوەی ئەم هەمو ئازارانەتان بەسەردا بباریت"". هەمو وشەکان و ڕاناوەکان و زەمەنە بەکارهێنراوەکان بەهای خۆیان هەیە(Ibid.,93) .

### باسی دوەم: درۆ لای ئارێنت

ژنەخانمی ئەڵمانی هانا ئارێنت، کە لە دو توێژینەوەیدا بەناوی "سیاسەت و ڕاستی"(١٩٦٧) و "سیاسەت و درۆ: تێڕامان لە دۆکیۆمێنتەکانی پنتاگۆن"(١٩٧١) پرسیارە سەرەکییەکەی خۆی لەمەڕ درۆ و سیاسەت بەمجۆرە دەخاتەڕو: ڕۆڵی درۆ چییە لە سیاسەتدا و ئەم ڕۆڵە مێژوی هەیە؟ (Jay,2009, 2). لێرەوە دێریدا لەمیانەی خوێندنەوەی کارەکانی ئارێنت لەمەڕ پەیوەندی درۆ بە سیاسەتەوە دەخوازێت بپرسێت، کە چۆن درۆ دەتوانێت مێژویەکی سەربەخۆی هەبێت، لەکاتێکدا مێژو، بەتایبەتیش مێژوی سیاسی، وەک هەموان دەزانین پڕە لە درۆ؟ چۆن دەکرێت درۆ مێژویەکی جەوهەرییانەی هەبێت و بە خەسڵەتە ناوەکییەکانییەوە لکابێت، لەکاتێکدا لەنێو ئەزمونی هاوبەشدا دەژیت؟ بۆ ڕونکردنەوەی ئەم لایەنە هێما بۆ ئەوە دەکەین، کە ئارێنت لە سیاسەت و درۆدا هەوڵدەدات سەرنج بخاتەسەر مێژوی درۆ وەک چەمک، تەنانەت ئەگەر لەسەر ئاستی مێژوی ئەو پراکتیزە جیاوازانەش بێت، کە کردەی درۆیان پێکهێناوە. درۆ، کە لەسەردەمی ئێستاماندا کامڵبونی بەخۆوە دیوە، (Derrida,2005, 37-38) سیاسەت لێی بەرپرسیارە. بۆیە بەبۆچونی دێریدا گەر شیاویی هەبێت بۆ نوسینەوەی مێژوی درۆ ئەو شیاوییە داوامان لێدەکات گشت کارەکانی هانا ئارێنت بەهەند وەربگیرێت. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، ئارێنت لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە پەیوەندی درۆ بە سیاسەتەوە نیگەرانی خۆی لە کەڵەکەبون و گەشەکردنی زێدەڕەوی درۆ لە جیهانی سیاسەتدا دەربڕیوە. ئارێنت نیگەران بوە لەوەی درۆ لە جیهانی سیاسەتدا گەیشتوەتە ئەوپەڕی

خۆی، واتە درۆ بوەتە درۆی ڕەها. لێرەدا بابەتەکە پەیوەست نییە بە زانینی ڕەهاوە وەک دوا سنوری مێژو، بەڵکو بە مێژووەوە کە گۆڕاوە و بۆتە درۆی ڕەها (.Ibid).لای ئارێنت خۆخەڵەتاندن و درۆی ڕەها گرنگی خۆی هەیە(Barbour, 2011) لە سیاسەتدا، بۆیە بەبۆچونی ئارینت درۆزن پیاوێکی کردارییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کەسێکی ڕاستگۆ [...] نییە (Arendt, 2004).

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوین بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- واتای درۆ لەناو دوانەییەکدا بونی هەیە، کە دوانەیی درۆ/ڕاستگۆییە. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی درۆ بەشێکە لە هەڵوەشاندنەوەی دوانەییەکانی ناو هزری مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی. ئەو زمانە فەلسەفییەش، کە لە نوسینی مێژوی درۆدا بەکاردەبرێت پێویستی بەوەیە زمانێکی هەڵوەشاندنەوەگەرا بێت. ئەرکی زمانی لەم جۆرە ئاشکراکردنی ئەو مانایانەیە واتایەک بەخۆیەوە دەیگرێت. بەمجۆرە واتای درۆ لە مێژوی درۆدا لەناو ڕیزێک دێڕی ناکۆک دا جێکراوەتەوە، کە وا پێویستدەکات لێکدیجوداکرێنەوە تا درۆ لە ڕاستی، درۆ لە وتنی درۆیەکی مەبەستدار جیابکرێتەوە.

٢- دێریدا لە شیکارییەکەیدا بۆ مێژوی درۆ دانبە ناساناییی پێناسەی واتای درۆ دا دێنێت، ئەمەش لەبەرئەوەی واتای درۆ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا فۆرمی زۆری بەخۆیەوە گرتوە و کەوتوشەتە بەربەکاربردنی جیاوە. ئەمە وادەکات درۆ بکەوێتە ناوچەیەکی تاریکی ناو ژیانی ئەم مرۆڤانەوە و درۆ بە نادرۆ، درۆ بە خەڵەتاندن، درۆ بە وتنی ساختە، درۆ بە نەزانین تێکەڵبیت.

٣- گەشەی تەکنەلۆژیا توانای گۆڕینی ئەو مێژوەی هەیە، کە تایبەت بە درۆ دەنوسرێت، چونکە ئەم تەکنەلۆژیایە توانیویەتی بمانخاتەبەردەم زۆرێک زانیاری و گێڕانەوەوە، کە تایبەتمەندی نویێ بۆ ئەو مێژوە دروستدەکەن، کە مێژوی درۆ پێکدێنێت. پراکتیزەکردنی سیاسەتیش لەم سەردەمە تەکنەلۆژاویە هاوچەرخەدا کاری نوسینەوەی مێژوی درۆی ناساناکردوە.

٤- دێریدا لەڕێگای ئارێنتەوە گفتوگۆی درۆی سیاسی کلاسیک دەکات و بەهۆی دەستکاری ڕوداوەکانیشەوە (گینۆسایدی جولەکەکان بەنمونە) بەو درۆ هاوچەرخانەمان ئاشنادەکات مێژو دەنوسنەوە. نوسینەوەی مێژویەک تایبەت بە درۆ لەدیدی دێریداوە، گەر شیاویش بێت، خودی مێژوەکە داوامان لێدەکات لە بانگەشەی ڕەوشتی دوربکەوینەوە، کە ئارێنتیش هێمای بۆکردوە. ئەمە وادەکات مێژوی درۆ بکەوێتە دەرەوەی بازنەی ڕەوشتەوە.

٥- نوسینەوەی مێژوی درۆ پێویستی بە گەواهییە. گەواهییەکان لەدوتۆێی ئەو مێژوە دەتوانن درۆ لە ڕاستی جیابکەنەوە. بەجۆرێکیش ئەو گەواهییانە دەبێت بخرێنەڕو، کە دوربن لە شێواندن و ڕێگایەک بکەنەوە لەبەردەم دروستبونی ڕاستیدا.

٦-بەپێی توێژینەوەکەی دێریدا بۆ واتای درۆ و ئەو مێژوەی لەخۆیدەگرێت سەردەمی نوێ سەردەمی کامڵبونی درۆیە. درۆ پێویستی بەم سەردەمە بو تا خۆی لەو شتانە جیابکاتەوە زوزو شوێنی دەگرنەوە. لەبەرئەوە بونی درۆ و بەوجۆرەی لە ئێستادا هەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤایەتی زۆری ماوە بە ڕاستی ڕەها بگات.

٧- دێریدا لە توێژینەوەکەیدا بەرەو ئەو تێگەیشتنە هەڵوەشاندنەوەگەرایەی بردین، کە گێڕانەوەی مێژوی درۆ بێ درۆکردن پرسیارێکی سەرەکیی لەمەولایە. درۆش لە دواییندباردا بەجێنەگەیاندنی بەڵێنی وتنی ڕاستییە، کە درۆزن بە ئەوانیتری داوە. درۆ لەگەڵ ئەوانیتریش ویستێکە، یان نیەتێکە، بۆ خەڵەتاندنیان تەنانەت گەر ئەوەی دەشوترێت ڕاستبێت.

# Deconstructing History of the Lie According to Jacques Derrida

**Azad Hama Abdulla**

Kndergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region Iraq

**Abstract**

Lying, which is the product of reason, is an ancient human phenomenon and one of man's evils. The act of lying is the act of saying. This saying is a vague concept in the history of philosophy and contains various questions. Philosophical questions about lying include other concepts (eg, error, non-lying, truth, non-truth, veracity, deception, mislead, etc.). Since telling the truth is under threat in the new society and the increase in lying has affected the truth, this has made the truth itself questionable. Therefore, the narrative of lying history cannot be neutral unless all anti-lie concepts are explained in it. In this study, the focus will be on the deconstructing the history of lying, which is itself full of lies. This makes writing a lie history difficult.

Hence we come to say that when Jacques Derrida (1930-2004) in his book established a genealogy of History of the Lie deconstructing the concept of lying and rewriting its history becomes a basis for understanding: lie and error, of lie and justification, of lies and bad Intention, of of truth and good intention, of lie and intention, of lie and interest.Therefore, we treat the book " History of the Lie" as a book of deconstructing writing about the meaning of lying. Thus, this research relates to Derrida's deconstructive way of analyzing the history of the lie. This way of research will appear when we work on the concept of lie and its similar concepts and we automatically plunge into the history of lie and dismantling that history. Because many factors in this history have influenced the production of lie, this causes the history of lie to change according to cultures and civilizations, and each culture and civilization has its own history of lie.

**Keywords:** Deconstruction, Lie, History of the Lie, Jacques Derrida, Truth, veracity.

# سەرچاوەکان


Arendt, Hannah,(2004),"Sanning och Politik",i Mellan det förflutna och framtiden, övers Annika Ruth Persson Göteborg:Daidalos.

Barbour, Charles(2011),The Acts of Faith:On Witnessing in Derrida and Arendt, Philosophy and Social Criticism,37 (6):634.

Caputo, J.D.,(2007),What would Jesus deconstruct?Grand Rapids,Michigan,USA:Baker Academic.

Caruth,Cathy,( 2009),Lögn och historia.

https://www.eurozine.com/logn-och-historia/

Derrida,Jacques(2005),Histoire du mensonge, Prolégomènes,L'Herne.

Derrida ,Jacques,(2002),Without Alibi,Translated by Peggy Kamuf,Stanford University Press;1st edition.

Fewell,Dana Nolan,(2007)Deconstructive Criticism.Achsah and the(E)razed City of Writing. I Yee G. A. (ed),Judges and Method. 2nd Ed. (Minneapolis,USA:Fortress Press.

Gramigna,Remo,(2013),Augustine on lying:A theoretical framework for the study of types of falsehood,Sign Systems Studies 41(4),2013,446–487,https://www.academia.edu/

Jay, Martin,(2009),Pseudology:Derrida on Arendt and Lying in Politics in Suzanne Guerlac & Pheng Cheah(eds.). Derrida and the Time of the Political.Duke University Press Books; First edition. http://www.sfu.ca/humanities-institute-old/pdf/Pseudology.pdf

La Caze,Marguerite,(2017),It's Easier to Lie if You Believe it Yourself:Derrida,Arendt,and the Modern Lie. https://doi.org/10.1177/1743872113485032

Magnusson Nilsson,Karin.(2020),Enspråkigheten i musikämnets kursplaner:Musikens–en diskursiv och dekonstruktivistisk analys. Linnéuniversitetet.

Neidleman, Jason,(2017),Rousseau's Ethics of Truth, Routledge.

Nietzsche,Friedrich,(2012),On Truth and Lies in a Nonmoral Sense,CreateSpace Independent Publishing Platform.

Norris,Christopher (1991),Deconstruction:Theory and Practice, London: Routledge.

Shbani,Monzer & Hmaidoush, Lina,(2018),Derrida in Light of Augustinian;Deconstruction and lying. Tishreen University Journal-Arts and Humanities Sciences Series, 40(5). Retrieved from http://journal.tishreen.edu.sy/index.php/humlitr/article/view/4803

Sjöholm,Cecilia,(2020),Den fria tankens sista chans.Om konsten,filosofin och kärleken.

Wallenstein,Sven-Olov,(2008),Uppfinnandet av estetiken. Tidskrift för litteraturvetenskap.Vol 38, Nr 3–4.

Wallenstein,Sven-Olov,(2019),Adorno.Negativ dialektik och estetisk teori,Göteborg:Glänta produktion.

Warner,John M.,(2018),The lie in the soul:Authenticity, hypocrisy, and self-deception in Rousseau.

https://doi.org/10.4337/9781786430991.00006

Wolfreys,Julian(1998),Deconstruction-Derrida,Houndmills,Basingstoke,Hampshire:Macmillan Press ltd.

Wood,Allen W.,(1999) Kant's Ethical Thought,Cambridge University Press;First Edition.

Wood,David and Bernasconi,Robert (red.) (1988),Derrida and difference. Evanston:Northwestern University Press.